# ئەزمونی ڕۆحی ....
# سەرەتایەک بۆ کەشفی پێغەمبەرایەتی



سەلمان نادر

قسەکردن لەسەر پێغەمبەرایەتیو هەوڵدان بۆ کەشف کردنی خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی پێغەمبەرایەتی بابەتێکی نوێ نیە، بەڵکو لە بەراییەکانی سەرهەڵدانی فەلسەفەوە کار لەسەر تیۆرایزە کردن و ناساندنی چەمکی پێغەمبەرایەتی دەکرێت، بەشێوەیەک دەتوانین ئاماژە بە سەرەتا فەلسەفیەکانی سەرهەڵدانی توێژینەوە لەم بارەیەوە بکەین، بۆ ئەمەش دەبێت باسی دیموکراتۆس بکەین کاتێک تیۆرەکانی غەیب ووتن و پێش بینی ڕاستگۆیانەی هێنایە بەرباس و لێوەدوان. لەو نێوەندەشدا باوەڕی وابوو کە وێنەکان (وێنەی زەینی) کە مرۆڤ لە خەودا دەیانبینێ ، ئەگەری هەیە لە جیهانی خواوە بنو کاریگەریان لەسەر رۆحی ئەو بەجێ هێشتوە، پاشانیش (ئەرستۆ) باوەڕی وابوو ڕۆحی مرۆڤ بەهۆی خەسڵەتی خوایی بونیەوە قابیلیەتی ئەوەی تێدایە لەبارەی غەیبەوە قسە بکات.

تیۆر و ئاڕاستەی جیاواز لە ناساندنی ماهیەتی پێغەمبەرایەتی و کەسیەتی پێغەمبەرو، چیەتی پەیامی پێغەمبەرانو دواجاریش گواستنەوەی پەیامی خوایەکی بێ کۆتایی و تەحویل کردنو گۆڕینی بۆ زمانو دەرکی مرۆڤ بابەتی قسە لەسەر کردن و توێژینەوە بوە، ئەوەی کۆتایشیان بوەتە بەشێک لە فەلسەفەی ئاین بەم دواییانە.

بە شێوەیەکی گشتی لە ڕابردووی هزری مرۆڤایەتیدا چەمکی پێغەمبەرایەتی پەیوەست کراوەتەوە بە پێش بینیەوە، بەشێوەیەک لەگەڵ ناوهێنانیدا زەینی ئێمە بەرەو لای ئەوە دەچێت، مرۆڤێک هاتووە پێش بینی ئایندەی کردوەو لەبارەی ڕابردووی دوورەوە زانیاری پێبوە، قسەی لەبارەی غەیب و جیهانی مەلەکوتەوە کردوە، سەرەڕای ئەوەی کار کردن بە ئاڕاستەی ناساندنی کەسیەتی پێغەمبەر (وەک کەسێک کە سروشی بۆ دەنێردرێت، ئاگاداری جیهانی مەلەکوتە، کەسێک کە ڕەخنەی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتی دەگرێتو مامۆستایە ڕێبەرە یاسا دانەرە و موعجیزە "پەرجۆی" ئەنجامداوە) گرنگی گەورەی پێدراوە وەک هەنگاوێک بەرەو شیکردنەوەی پێغەمبەرایەتی .

لەسەرەتای قسە کردن لەسەر پێغەمبەرایەتیەوە دوو ئاڕاستەی کەلامی جیاواز لەسەر پێغەمبەرایەتی، تیۆرسێن و فەیلەسوفەکانیان بەخۆیانەوە سەرقاڵ کردوە، کە پاشتریش ئەو بڕوا کەلامیان لەمەڕ پێغەمبەرایەتی هەیانبوون ڕۆڵی سەرەکیان گێڕاوە لە ئاڕاستە گرتنی تێگەشتن لە پەیامی پێغەمبەراندا، ئەم دوو جیهان بینیەش زادەی پرسیارێکی فەلسەفی بوون، کە بریتی بوو لەوەی کە خوا چەندە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەست دەخاتە کاروباری دنیاوە؟.
وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەو دوو جیهان بینیەی هێنایە ئاراوە، کە ئەوانیش ئەو پێش گریمانەو جیهان بینیانە بوون کە پێیان وایە پێغەمبەرایەتی وەک هەر دیاردەیەکی دیکە بابەتی سروشتیەو پەیوەستە بە ئیدراکی عەقڵی و لەباریی هەموو ئەو خەسڵەتانەی دیکە کە بۆ سەرکەوتنە جیاوازەکان پێویستن، ئالێرەوە ئەم جیهان بینیە فۆرمەڵەی تێگەشتنی عەقڵانی بۆ ئاین وپەیامی پێغەمبەران دەکات، هەرچی جیهان بینی دوەمیشە پێی وایە بۆ تێگەشتن لە بابەتی پێغەمبەرایەتی نابێت بە میتۆدی بابەتی سروشتیەکان کاری لەسەر بکەین، چونکە لە بنەرەتدا بابەتەکە خۆی بان سروشتییە، هەربۆیە کارکردن بە میتۆدی بابەتە سروشتیەکان لەسەر ئەو چەمکە هەڵەی مەنهەجی دەهێنێتە ئاراوە.

ئالێرە بەدواوە کۆمەڵێک پرس لەمەڕ ئەو بابەتە هاتە ئاراوە، ئایا پێغەمبەرایەتی دیاری خواییە یان دەسکەوتێکی مرۆییە؟ ئایا پێغەمبەرایەتی بەشێکە لە مەعریفەی گشتیو زانستی یان مەعریفەیەکی تایبەتە؟ مرۆڤ بۆ ئەوەی بگاتە مەقامی پێغەمبەرایەتی پێویستە چی بکات؟ ئایا پێویستی بە قابیلیەتی تایبەتی هەیە؟ ئەوەی پێشوتر ئەرستۆ باوەڕی وابوو کە مرۆڤ ڕۆڵی نیە لەوەدا بوبێت بەپێغەمبەر. گرنگی وێناکردنی زەینی پێغەمبەرانە چی یە ؟ مەبەست لە کەلامی خوایی چی یە ؟
هەمووئەم پرسیارانەش ڕەنگی تیۆری گشتی میتافیزیکی و مەعریفەت ناسی سەدەی ناوەڕاستیان گرتوە، وەڵامەکانیشان پەنجەرەیەک دەکەنەوە بەسەر هەموو ئەو جیهان بینیانەدا لەو سەردەمانەدا هەبوون، (فارابی) باوەڕی وابوو پێغەمبەرایتی لە ڕێگەیئیشراقێکەوەیە کە لە عەقڵی کارایە سەرچاوەی گرتوەو دەبێتە بەشی کەسانێکیش کە خاوەنی توانای عەقڵانی زیاترن. ئەمەش وای لەو کردبوو باوەڕی وابێت ئاین تەخەیولی حەقیقەتی عیلمی و میتافیزکیە، (ئیبن و سینا) سەرباری باوەڕ بونی بەم تیۆرەی فارابی، لە ڕوی سیاسیەوە کاری لەسەر پێغەمبەرایتی دەکرد و باوەڕی وابوو پێغەمبەر ئینسجام لەنێوان هەمواندا دێنێتە کایەوە، لەناو جولەکانیشدا (ئیبن و مەیمون) وەها باوەڕێکی بۆ پێغەمبەرایەتی هەبوو، لەسەردەمی نوێشدا ئیسپیۆنزا لایەنگری ئەم جیهان بینیەی دەکرد.

لە بەرامبەردا غەزالی پێی وابوو ئەم تیزانە پێچەوانەی ئاینو دینەوەو مەعریفەی (نەبی) ڕاستەوخۆ لە لایەن خواوە پێی دەگات ئەم تیزە لەلایەن فەیلەسوفانی وەک: یەهودای حەلەوی و حەسەدای کراسکای شەوە، کاریان لەسەر دەکرێت و سەر بە ئاڕاستەی بان سروشتی بوونی پێغەمبەرایەتیەوەن.

لە بەرامبەردا عارفەکان باوەڕیان وایە لە دەرەوەی ئەو دوو میتۆدەوە میتۆدێکی دیکەی تێگەشتن بونی هەیە، کە لە توانایدایە ماهیەتی پێغەمبەرانە کەشف بکات ڕاستریش بڵێین پێیان وایە تاکە ڕێگەی کەشف کردنی بریتیە لەو ڕێگایە ئەویش ڕێگای کەشفی ئەزمونی رۆحیە (مەعنەوی )، چونکە پێغەمبەرایەتی بابەتێکی مەعنەویانەیەو بەبێ دەردەدڵ و هاوسۆزی لەگەڵ کردن ناتوانرێت دەرک بکرێت .عورەفا باوەڕیان وایە بۆ ئەوەی بتوانین سەرەتایەک بۆ تێگەشتنی مەعنەویانەی خۆمان بۆ پێغەمبەر وەک ڕێبەری مەعنەوی بخەینە ڕوو پێویستە بە دوای ئەزمونی مەعنەویەوە بین، چونکە بەبێ دەرک کردنو بەشداری پێکردنی ئەزمونی مەعنەوی ناتوانین لە جوڵەی مەعنەویانە بگەین، چونکە جوڵەی مەعنەوی تەنها لای ئەوانە دەرک دەکرێت کە ئەزمونیان کردوە، پێغەمبەر کە ڕێبەری ژیانی مەعنەویانەیە ناکرێت بەبێ حاڵ بە بێ ئەزمونی مەعنەویانە دەرک بکرێت.

ئەگەر لای (هابرماس) مرۆڤەکان نەتوانن لە مردن بگەن، چونکە مرۆڤەکان بە تەنها دەمرن و ئەوانەی ئەزمونیان کردوە مردوون و ئەوانەش ئەزمونیان نەکردوە ناتوانن لێی بدوێن، ئەوا ناتوانین بە بێ ئەزمونی مەعنەوی لە پێغەمبەر بگەین، چونکە تەنها جیاوازی پێغەمبەران لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا لە دیوە مەعنەویەکەیاندا. پاش مەسیح حەواریەکان ئاینەکەیان گەیاندە خەڵکی و ئەوەی بۆ مەسیح (ع) نەهاتەدی بە ئازادی ئاینەکەی بگەیەنێتە مرۆڤ حەواریەکان کردیان. ئەوەی بۆ موسا (ع) نەکرا بەنو ئیسرائیل پێی گەشتن. پاش محەمەد (د.خ) سنوری دەوڵەتەکەی گەورەتر بوو یارەکانی شکستی دوو ئیمپراتوریەتی مەزنیان بینی، بەڵام نەیانتوانی ببنە پێغەمبەر، چونکە پشتگیری مەعنەویانەیان نەبوو، بەڵام ئایا چۆن ئێمە دەتوانین لە پێغەمبەران بگەین؟ ئەو وەڵامەی (ولیەم دەلتای) کە پێی وایە مرۆڤ ناتوانێت لە زانستە مرۆییەکاندا بگاتە تێگەشتن تاوەکو حاڵەتی دەردەدڵی و نزیکی بۆ دروست نەبێت، هەر ئەوەش ئێمە لێرەدا پێی دەڵێین ئەزمونی عیرفانیانەی پێغەمبەر.

بەڕای عورەفا مرۆڤ نابێتە مرۆڤێکی کامڵ پێش ئەوەی خودا بدۆزێتەوە، ئەمە لە ڕووی بون و ناسیەوە مامەڵەی لەگەڵ ناکەین بەو مانایەی ئەگەر خوا نەبوایە ئەوا مرۆڤیش نە دەبوو. بەڵکو لە ڕووی دەرونیەوە ئەم بۆچونەمان هەیە (ڕۆحی مرۆڤ بەشێکە لە رۆحی خودا ) "و نفخت فیه من روحی" ئەم ڕۆحە خوداییە کە لە مرۆڤدا هەیە لە مەنزڵی ناکۆتای خۆیەوە بەرەو جەستەی مرۆڤ کۆچی کردوە (ئەمەش ڕوودانی فیراقە) کە ژیانی پڕیەتی لە موخاترەو مەترسی لەدەسدانی هەلی ژیان و کامەرانی، هەر ئەمەش وا دەکات ئەم رۆحە لە خۆیدا هەمیشە وێڵی دوای گەڕانەوەیە بۆ مەنزڵی حەقیقی خۆی، وەک کەسێکی ئاوارە چۆن مەیلی گەرانەوەی هەیە بۆ مەئواو وڵاتی خۆی رۆحی مرۆڤیش مەیلی گەڕانەوەی هەیە بۆ مەئوای خۆی و ئەو مەیلی گەڕانەوەیەی داغی فیراقی دروست لە بەیەکگەشتنیدا ویسال دێتە بوون ئەو چەمکانەی لە تیرمۆلۆژیای عیرفاندا وەک ( فیراق و ویسال ....فەناو خەرابات .......جەزبە ......سیر و سلوک) دەیانەوێت تەعبیر لە قۆناغە جیاوازەکانی ئەم حاڵەتە بکەن بە سەنتەری عیرفان دروست دەکەن.

مرۆڤەکان لە غیابی ئایندا یا لەو کاتانەدا کە ئاینە مەوجودەکان ناتوانن ئەو شڵەژانە رۆحیەیەیان ئارام بکەنەوە بەدوای بەدیلی ئاینیدا دەگەڕێن ٣٢ ملیۆن ئەمریکی مومارەسەی رسوماتی ئاینە شەرقیەکان (یۆگا )دەکەن، چونکە هەست بە نائارامی دەرونی دەکەن. کاتێکیش لە شارستانیەتی ئیسلامیدا تەفسیرە ئاینیەکان نەیان دەتوانی قەیرانی رۆحی مرۆڤی دیندار چارەسەر بکەن ئیدی ڕەقس و سەمای دەروێشانە گەشەی کرد.

تینویەتی مرۆڤ بۆ مەعنەویەت، یا دیوە مەعنەویانەکانی ئاین تەنها لە داخی فیراق بۆ چێژ ویسال نیە، بەڵکو مانایەکی فەلسەفی قوڵ دەبەخشێتە ژیان ئەویش بریتیە لە مانادار بونی ژیان (دژە عەبەسیەت) ئالێرەوە دەچینە ناو پۆل بەندی ئیرادەو زانستەوە بۆ گەران بەدوای مەعنادا ( ئەوانەی عیلم و ئیرادەیان هەیە خاوەنی ئامانجن ........ مرۆڤ ئامانجی هەیە، بەڵام ڕەفتاری مرۆڤ بێ ئامانجە (سەعات بی ئامانجە ) بەڵام دروست کەری سەعات ئامانجی هەبوە ....کەواتە ژیان لە خۆیدا بێمانایە. ئەگەر باوەڕمان وابێت ژیان دروست کەری نیە (ماتریاڵ) یا ئەوەی ژیانی داهێناوە خاوەن عیلم و ئیرادە نیە (سکۆلار) ئەوە ناتوانین دان بەوەدا بنێین کە ژیان مانای هەیە تەنها لە یەک گریمانەدا دەتوانین بڵێین ژیان مانای هەیە کە ئێمە ئیلاهی مەعنەوی بین. هەر ئەوەش وا دەکات ئێمە لە ڕوانگەی ئامانجەکانی عیرفانەوەئەو کەماڵەی کە لەسەرەتاوە باسمان بخەینەوە بەر باس ئەوەش لەو بۆچونەی ( ولیەم چیتیک) ەوە کە پێی وایە عیرفان سێ ئامانجی هەیە

١- دۆزینەوەی حەیقیقەتی رەها.
٢- گۆڕینی ناوەوەی مرۆڤ.
٣- پێغەمبەر ڕێبەرە بۆ ئەوە (لە ڕێی پێغەمبەرەوە مرۆڤ بەرەو کەماڵ دەچێت. نمونەی تەجەلا بونی ئەسماو سیفاتی خوای بۆ دەردەکەوێت).

لائوتز، فەیلەسوفی ڕۆژ هەلاتی ئاسیا، باس لە شاری نمونەیی دەکات لەو شارەدا مرۆڤەکان عاریفن یەکتریان خۆش دەوێت لەگەڵ یەک بەسۆزن لەگەڵ ژینگەدا دەکەونە هارمۆنیا، لە بەرامبەردا (فارابی) باس لە شاری خەونەکان لە شارستانیەتی ئیسلامیدا دەکات کە مرۆڤەکان لە کەسیەتی پێغەمبەر (د.خ) نزیک دەبنەوە، لە شارستانیەتی ئیسلامیدا پێغەمبەر سەنتەرە، چونکە وێنەی تەجەلابونی سیفاتی خوایە لەسەر زەویدا. ئەگەر لەو بۆچونەی ئەشعەریەکانەوە سۆنگە بگرین کە پێیان وایە (قورئان کەلامی خوایە) و کەلامیش بەشێک بێت لە سیفاتی خوا. لە ڕووی لۆژیکیەوە ئەمە وەک دراوی یەکەم، دراوی دوەمیش بریتییە لەوەی پێغەمبەر ئەخلاقی قورئانیانە بوە (کان خلقه قران ). ئالیرەوە دەرئەنجامی یەکەم ئەوەیە ئەخلاقی پێغەمبەر وەک سیفاتی خوای گەورە وایە . هەربۆیە پێغەمبەری بوون وەک تەجەلابونی ئەسماو و سیفاتی خوایە، گەورە عاریفی کورد مەحوی زۆر جوان ڕێبەری پێغەمبەر بۆمرۆڤ و بەرەو کەماڵ چونی مرۆڤ لەلای ئەو ڕون دەکاتەوە مەحویش دەڵێت:

به نوری عەکسی پێغەمبەر ئەوەندە مونعەکیس بوبون
غەریبی تازە هاتو دەیگوت ئەمە پێغەمبەرستانە

مەولەویش باس لەو سەعادەتە دەکات کە مرۆڤ لە قەیرانی بێمانایی رزگار دەکات. ئەویش بە تەوەلود بونەوەی دووبارە، لە دایک بونی یەکەم لە دایک بونی بایلۆجیە. تێیدا جەستە لە زیندانی تاریکی قۆناغی پێش لە دایک بونی رزگاری دەبێت، لە تاریکی و نەبینی ئاسۆی گوزەری جەستە ڕزگاری دەبێت، بەڵام لە دایک بونی دووەم بایلۆجی نیە، بەڵکو دنیابینی و رۆحیە، مرۆڤ لەو تەوەلودەدا پرسیارە بێ وەڵامەکانی وەڵامیان دەدرێتەوەو لە پرسیارە جەوهەریەکانی بوون رزگاری دەبێت. ژیان لە بێماناییو عەبەسیەتەوە دەچێتە دیوی وجودیانەوە و مرۆڤ لە پاسیڤ بوون دوو دەکەوێتەو پێی وایە ژیان مانای هەیە حەقیقەت بونی هەیەو پێویستە بدۆزرێتەوە

هەرکەس تەوەلود دووبارەش نیەن
لابود سەعادەت ستارەش نیەن

مەولەوی تەنها بە خەبەردان لە مانابونی ژیان و سەعادەت ناوەستێت، بەڵکو ئەو دەیەوێت ئەزمونی عیرفانیانە خۆی بەیان بکات کاتێک پێمان دەڵێت ئێمە لە کوێوە دەتوانین مانای ژیان بدۆزینەوە، کە ئاماژە دەکات بە سەنتەرە بنەڕەتیەکەی شارستانیەتی ئیسلامی.

من کەدل نە واوەیلمەن.. غەرقی موتاڵای خاڵی لەیلمەن
چ باک تانەی ئەوتاومەن.. شەوقی موتاڵای رووی کیتاومەن

مارتن لینگز، پێی وایە پێغەمبەر لە دەریایەکی پر شەپۆل دەچێت، مرۆڤەکانیش لە کەناری ئەو دەریایەن، ئەو کەنار دەریایانە کاتیک شەپۆل دەدەن ئاو زیاتر کەنارەکان دادەپۆشێت کاتێکیش شەپۆل دەنیشێتەوە چاڵەکان هێندەی خۆیان لە ئاوی نبوەت گل دەدەنەوە، چاڵەکان پڕ دەبن لە ئاو،

ئالێرەوە عورەفا پێیان وایە ئێمە تەنها لە چوارچێوەی ئەزمونی عیرفانیانەدا دەتوانن لە پێغەمبەرایەتی بگەین بەدەر لەوە ناتوانین وەک خۆی دەرکی بکەین.

# مافێ ئافرەتێ تژی کرنا بەریکان

ئازاد ئەحمەد

روژانە ئەگەر ئەم روپەلێن روژنامەو گوڤارێن خوە ڤەدەین، دێ بینین بەحس بەحسێ مافێ ژنێ یەو. هەر کەسەکی قەلەمێ خوەیێ راکریو خوە ب پارێزەرو بەرەڤانیکەرو چالاکڤان دبوارێ ژنێ دا دایە دیارکرن، دیسان ئەگەر ئەم دیڤچوونا رادیوو تیڤی یێن خوە بکەین هەر ئەو بازارەو هێژ زێدەتر بەرەڤانی ژ مافێن ژنێ دهێتە کرن. ژ خوە ئەگەر ئەم دیڤچوونا رێکخراوێن مافێ ئافرەتانو ژنا بکەین، چەندی رێکخراو و سەنتەر و لیژنە و کومەلە...هتد هەنە، کارێ هەمیان ژی بتنێ بەرەڤانیکرنە ژ مافێن ژنێ، خزمەتکرنا ژنێ یە، نەهێلانا توندوتیژیێ یە دژی ژنێ، پەیداکرنا دەلیڤێن کاریە بو ژنێ و. هەمی خوە ب خودان دزانن بۆ وان کێشێن روژانە دکەڤنە بەرسنگێ ژنا کورد. لەوما هەر کەسێ ب دیتنەکا ب سەرڤە سەرڤە لسەرڤی بابەتی بنێریت دێ وەسان هزرکەت کو ژنا کورد یا د گوپیتکا خوشیا ژیانێ دا دژیتو، جڤاکێ مە یێ د کوپیتکا مەدەنیەتێ دا دژیت. بەلێ ئەگەر ئەم ب هویری لسەر ڤی بابەتی ب راوەستین، و پەردان لادەین لسەر رویێ وان کەسێن خوە ب بەرەڤانیکەرێن مافێ ژنێ د دەنە دیارکرن، دێ بینین کو جیهانەکا دیترەو ئەو جیهان سەدو هەشتێ پلان یا جیاوازە ژ وێ جیهانا بەحس ژێ دهێتە کرن لسەر روپەلێن روژنامەو گوڤاراو، لسەر تیڤی و رادیویان د هێتە وەسفکرنو، درویشم بو دهێنە بلند کرن، چونکی جیهانا ئەو بەحس ژێ دکەنو کاری بو دکەن جیهانەکا دیموکراسی و مەدەنی یە. لێ د بنەرەت دا ئەو کەسێن خوە ب بەرەڤانیکەرێن ژنێ ددەنە نیاسین یێ د جیهانەکا ماددی دا دژین. ئانکو هەر کەسەک ، هەر رێکخراوەک ، هەر سەنتەرەک بو بەرژەوەندیێن خوەیێن تایبەت کاردکەتو، ئارمانجا هەمیان یا ئێکێ تژیکرنا بەریکا وانە. ئەڤجا ژ بلندترین ئاست بگرە تا دگەهیتە بەلاڤکرنا وتارەکێ ل روژنامەکێ یان گوڤارەکێ. ئەگەر راست بیت ئەڤ هەمی رێکخراو و سەنتەر و کومەلە و...هتد، یێن مەهەین هەمی بو مافێن ژنێ کاردکەن، دڤیابا ئەڤرو ژنا کورد د کوپیتکا خوشیا ژیانێ و رێزگرتنێ دا ژیابا. لەوما ئەگەر ئەم ب دیتنەکا نێزیک سەکەینە وێ ژیانا ئەڤرو ژنا کورد تێدا دژیت دێ بینین کو روژانە ب دەهان نەخوشی و گرفتار دکەڤنە بەر سنگیو هەر کەس بەحس ژی لێ ناکەت. ل ڤێرێ ئەگەر ئەم چەند پرسیارەکا ژ خوە کەین ئایا ئەڤ رێکخراو و، چالاکڤانێن بوارێ مافێ ئافرەتێ چەند شیاینە ئەو رێزو بهایێ کورد د دیروکێ دا هەی بو بهێلن و بپارێزن؟ چەند شیاینە رێژا توندوتیژیێ دژی ژنێ کێم بکەن؟ چەند شیاینە رێژا خوە کوشتنێ، خوە سوتنێ، بەردانێ و قەیرەبونا کچێو هەژارییێ، ...هتد چارەسەربکەن؟ ئەگەر هەر ئێک ژ مە هزرا خوە د ڤان پرسیارا دا بکەت، دێ بو دیار بیت کو ڕوژ بو ڕوژێ ئەڤ کێشەو ئاریشێن دکەڤە بەر سنگێ ژنا کورد بەرەڤ زێدەبوونێ ڤە دچن، سەرەرای هەبوونا سەدان رێکخراو و بەرەڤانیکەرێن مافێ ژنێ. لەوما دشێین بێژین کو ئەڤ رێکخراوە نەشیاینە ب دروستی خزمەتا ژنێ بکەن و هەر رێکخراوەکێ کار بو ئارمانجێن خوە یێن تایبەت دکەت، گەلەکان ژی ڤیایە ژنا کورد بەرەڤ ئاقارەکێ دیترڤە ببەن. لێ دڤێت ژ بیر نەکەین ژی کو هندەک ژڤان رێکخراوا شیاینە ریزو کەرامەتا ژنا کورد بو بهێلنو ب دروستی خزمەتا ژنێ کرینە، بەلێ ژمارا وان ب تبلێن دەستەکی بتنێ دهێنە هژمارتن. وییێن دی کارێ هەمیان بتنێ بلند کرنا درویشمانەو تژیکرنا بەریکێ یە.